# ڕێگای دەربازبوون لە تەنگانە کوێر نەبۆتەوە!

**ناسری ئەمین نژاد**

ئەوجۆرەی پێشبینی دەکرا ئەرتەشی تورکیە پاش زیاتر لە مانگێک پەلاماری بەردەوامی هەوایی ـ بە هێزێکی گەورەی پیادەنیزام ـ هێرشێکی بەرینی بۆسەر کوردستان دەستپێکردووە. بە پێی هەواڵەکان پتر لە دە هەزار سەرباز پانزە کیلومیتر بە قووڵایی خاکی کوردستاندا چوونەتەخوار و لە گەلێک شارۆچکە و ناوچەی جۆربەجۆریشدا بنکە و بارگای سەربازییان دامەزراندووە. تا ئێستا لە ئەنجامی ئەم هێرشانەدا چەندین پردی تازەساز رووخاون و زەرەر و زیانێکی زۆروزەبەندی ماڵی لێ کەوتۆتەوە و خەبەری جۆربە جۆریش لەسەر ژمارەی کوژراو و بریندارى لایەنەکان و خەڵکی ناوچەکە بە گوێ دەگات. هەموو نیشانەکان دەریدەخات کە ئەم هێرش و پەلامارانە بە پێچەوانەی بەڵێنییەکی ساختە کە دراوە، زۆر درێژ دەخایەنێ و گەلێک مەبەستی شاراوەی نەوتراوەشی لەبنسەردایە.

گومان لەوەدا نەماوە کە بوونی پێشمەرگەکانی پ.ک.ک لە کوردستان تەنیا پاساو و بیانوویەکە بۆ ئەم هێرشە درندانەیە، ئامانجی سەرەکی دەسەڵاتی فاشیستی و عەسکەریی تورکیە، کوردستانە و خنکاندنی ئەو بزوتنەوە جەماوەری و حەقخوازانەیە کە بە درێژایی دەیان ساڵە لە مێژووی هاوچەرخدا بۆ پاراستنی مانەوە و بوونی خۆی، لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا لە شەڕێکی دەستەویەخەدایە.

نەخشی دەوڵەتی تورکیە بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانە و لە ڕابردووی دێرینیشدا، دەرحەق بە بزوتنەوەی گەلی مافخوراوی کورد، وێنای ئەمڕۆ هەتا بڵێی جینایەتکارانە و دژمرۆیانە بووە. لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژو ئەو ڕاستییانە نیشان دەدەن کە ئەم ئەرتەش و ئەم دەسەڵاتە شوینیست و خۆ بەزلزانە لە گەلکوژی و کۆمەڵکوژی کەمینەکان و لەوانە کورد و ئەرمەندا چ تابلۆیەکی بێزڕاوی کەم وێنەیان لە جینایەت و دڕندەیی کێشاوەتەوە و چ پەڵەیەکی بێشەرمانەی مێژووییان بەناوچاوانی خۆیاندا سووە. ئەمڕۆ ژنراڵەکانی میراتگرانی هەمان پاشاکانی دوێنێکەن و دەسەڵاتی ئیسلامی ئەمڕۆش بەرماوەی هەمان دەسەڵاتی کۆنەپارێز و دواکەوتەی خەلیفەگەری عوسمانییەکانە کە کەوتونەتە گەڕ و بەتەمای لەخشتەبردن و سەربڕینی بزوتنەوەی کورد و تاڵانکردنی بوون و نەبوونی گەلێ لێقەوماوی کوردن.

جێگەی داخە کە ئەمڕۆش وەک هەمان رابردووی دێرین کۆمەڵگای کوردەواری و بزوتنەوەی ڕەوای ئەم گەلە بەشمەینەتە هەروا بە دەست چەندبەرەکی و پەرتەوازەئییەوە دەناڵێنێ و بۆتە لەمپەڕێکی گەورە لەسەر ڕێگای شکاندنی پشتی پیلانە نگریس و گڵاوەکانی دوژمنانی بزوتنەوەکەی. هەروەها ناوردبینی و ناتوندوتۆڵی لە هەڵبژاردنی تاکتیک و ستراتژی و نایەکدەستی و دەستەوەستانی لە کردەوە و پراکتیکدا وەک ئافەتێکی گەورە درزی خستۆتە ناو هێزی گەورە و گرانی جەماوەریی کە دەتوانێ و لە وزەیدا هەیە گەلێک بەبڕشتتر و کاراتر باشاری ئەو هەڕەشە و هێرشانە بداتەوە.

ـ هەڵوێستی لەرزۆک و ڕاڕایی و دەستەوەستانی سەرکردایەتی دەسەڵاتدار لە کوردستانی عێراق دژ بەم پیلان و هێرش و پەلامارە درندانەیە ـــ ساغنەبوونەوە و بێ بەرنامەیی دەوڵەت و دەسەڵاتی حیزبی بۆ سەقامگیرکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دامەزراندنی بناخەیەکی پتەوی ئابوری، ئیداری و سیاسی ئەمڕۆیی ـــ تەشەنەساندنی گەندەڵی ئیداری، رفێنرفێن و مشەخۆری ـــ دڵخۆشکردن بە پشتیوانی "رەهای" وڵاتانی ئوروپایی و

ئەمریکا کە گوایە بەرژەوەندییەکانمان یەکیان گرتۆتەوە ـ نابەرپرسیارەتی دەزگا ڕاگەیەنەرە کوردییەکان لە دەرخستنی ڕاستی ڕووداوەکان و لە نیاز و پیلانی ڕاستەقینەی دوژمنانی کورد و لەوانە تورکیە و سەرقاڵکردنی کۆمەڵانی خەڵک بە گۆرانی و تەراویح و شتی لابەلا ـ هەڵوێست و سیاسەتی ناوردبینانەی سەرکردایەتی "پ.کا.کا" لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەکە و کوردستان و لێکدانەوەی ناواقعییانەی ڕاستییەکان .... ئەمانە و گەلێک هۆکاری دیکە هەمووی لەخزمەتی ناردنەماڵەوەی کۆمەڵانی خەڵک و ئاوربەردان لە خەرمانی هیوا و متمانە بەخۆیی و هەڵۆڵ کردنی بناخەی یەکانگیریی و هاوپشتی جەماوەریی و گشتیین. ئەم سیاسەتانە ماڵوێرانکارن و هەمووی بە زەرەی کورد دەشکێتەوە و دەتوانێ جارێکی دیکە زەبری گەورەی گورچکبڕ لە بناخەکانی بزوتنەوەی عادلانە، دیموکراتیک و ڕەوای گەلی کورد بسرەوێنێ.

ئەمانە لە لایەک و لە لایەکی دیکە دەبینین کە بیروڕای کەڕوکپی دنیاش لە ژێر سێبەری تەبلیغاتیی دەزگا ڕاگەیەنەرە گشتییەکانی زلهێزەکاندا تاساوە و گوێی خۆی لە ئاست ئەو کارەساتە مرۆییە و ئەو بێعەداڵەتی و بێبەزەیەتییە مێژووییەدا ئاخنیوە. "دەسەڵاتی کوردیش" چ تەگبیر و مشورێکی ژیرانەی بۆ بزواندنی ئەو بیروڕایە نەخواردووە و بە تەنگ ئەوەشەوە نیە کە وەک دەزگایەکی سەردەمییانەی ئەمڕۆیی بێتە پێشەوە و لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک پێویست کەڵک وەرگرێ و ڕاستی ڕووداوەکان بە ڕووی دنیادا بتەقێنێتەوە.

ئەمانە هەموویان وەزعییەتێکی ناڵەبار و بارودۆخێکی تاڵ و ڕاستییەکی ڕەقن لەبەردەمی ئێمەدا و نکۆڵی لێکردنی چ قازانجێکی نییە. دەبێ بیانبینین و مشورێکیان بۆ بخوێن، دەبێ کاریان لەسەر بکەین و پێیاندا بچینەوە، داخوا ئەمە چارەنووسی نەگۆڕی ئێمەیە، کە هەر ڕەنجمان بە خەسار بچێ و کیسەمان بەتاڵ بێ؟ هەر کردەی ئێمە و بردەی شەیتان بێ؟ نا، دەتوانێ وا نەبێ و دەتوانین بە ئاقارێکی ڕووناکدا گوزەر بکەین، تەنیا بەو مەرجەی خۆمان لە ڕاستییەکان لا نەدەین و خۆمان و لاوازییەکانی خۆمان بناسین و ببێتە کەڵکەڵەی مێشکی جەماوەری خەڵک بۆ بیر لێکردنەوە و بەخۆداچوونەوە. نابێ ئەم کۆمەڵانی هەراوی بەشمەینەتە هێندە ببێتە قەزاوەگێڕی "پێش سوارەی قورس و ناوەستا"، دەبێ ئینسانی "گشت" جڵەوی بەدەستەوە بێت. ئەمانەش هەمووی لە گرێوی بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتووی کۆمەڵایەتی و سیاسی جەماوەرییدایە و تەنیا قەڵغانێکە بۆ بەرپەرچدانەوەی نەزانی و بەرگرتن لە هەڵنگوتن و هەنگاونان لە تاریکی.

ئەمڕۆ هەموو ئەو ڕاستییە تاڵانە ئێمەیان خستۆتە بەردەم بەرپرسیارەتییەکی مێژوویی. خوێنی ڕژاوی وەچەی رابردووشمان لە ئەستۆیە. مەجالی شان لێ هەڵتەکاندی تێدا نیە. ئەمڕۆ دەبێ زیاتر لە هەموو ڕۆژ پشت بە هەراوترین و شێلگیرترین جەماوەری شۆڕشگێڕ و تێکۆشەر ببەستری و هەوڵ بۆ هێنانە مەیدانیان بدرێ و دەرفەت و بواری دەورگێڕانی ڕاستەقینەیان پێبدرێ و بۆ برەخسێ. دەبێ دەست و مەبەستی مشەخۆریی، دەسەڵاتخوازیی و خۆبەزلزانی دوژمنانی ناوخو و دەرەوە واڵا بکرێ و لەقاوبدرێ. ئەم گەلە ئەگەر دەستی لەناو دەستی یەکدا بێ و پشتی بە هێزی جەماوەر ئەستور بێت، هەموو ئەو پیلان و هێرشانە پووچەڵ دەبنەوە و هیچ تەنگانەیەک بەرگە ناگرێ و درگای فەرحانی و ئاسایش دەکرێتەوە.

٢٠٠٨.٠٢.٢٥